# چەند تیشکێک لە سەر ڕۆڵی عایشە لە ڕوداو مل ملانێکانی ئیسلامدا

## بەشی پێنجەم

ع.ق. بەختیار

**شۆڕشیی عایشە دژبە عوسمان و کوشتنی لە کاتی خوێندنەوەی قورئاندا،**

**عومەری کوڕی خەتاب لە خانوی گل دا دەژیا لە جامۆڵکەی گڵیندا ئاوی دەخواردەوە لەسەر حەسیر دادە نیشت،لە ماوەی (10)ساڵ حوکم ڕانی خەلافە تیدا سێ دەست جلی گۆڕی،بەڵام عوسمان هەر ڕۆژەجلێکی لەبەر دەکرد ،کۆشکی گەورەو مەڕمەڕی لە مەدینەدا دروست کرد هیوایەتی کەنیزەی جوان و شۆخوو شەنگ و سەماکەر بوو،ئەو حاکمەی بیتوانیایە جوانترین کچی سەماکەری بۆ پەیدابکات دەبووە جێگای بڕوای خەلیفە،سستی لە جێبەجێکردنی بنەما شەرعیەکان دا گەیشتە ئەو ڕادەیەی خواردنەوەی مەی و ئاهەنگوو مۆسیقا شەوانە دەبینران لە مەدینە دا، دوکانی مەی فرۆش کرانەوە،**

**دوای ئەوەی خەڵکی هاندرا بۆ ڕاپەڕین دژبە دەستەڵاتی عوسمان لە مدینە دا هێنانی خەڵکی لە میسر و شام و کوفە و جێگاکانی ترەوە، دەست کرا بەخۆپیشاندان ، بەرێنوێنی پیاوەکانی عایشە( سودان و کنانە)داوای وازهێنانی عوسمان یان دەکرد و بەرەو ماڵێ خەلیفە بەڕێکەوتن هەتا نارەزای خۆیانی پێ ڕابگەیەنن بۆ ئەوەی واز لە دەستەڵات بهێنێت،بەڵام حاکمی مەدینە فەرمانی بەپیاوەکانی دا دەست نەپارێزن لە خەڵکی ڕاپەڕیوو،چەند کەسێکیان لێ کوشتن ،تورەیی خەڵکی ڕاپەڕیوو ئەوەندەی تر زیادی کرد، لە ناو خەڵکەکەدا (کەنانەبن بشر) هاواری دەکرد خەڵکینە هێرش بکەنە سەر ماڵی حاکمی خوێنرێژ و جەلادی مەدینە و بی کوژن،خەڵکەکە بێگوێدانە تیر باران کردنی پیاوەکانی حاکمی مەدینە هێرشیان کردە سەر (دار اللحکومە)بەرە و جێگای حاکم بەڕێکەوتن سەری حاکمی مەدینە یان لەلاشەی کردە وە،سەری حاکم بەنێزەی شمشیری خەڵکەکەوە بوو بەرەوماڵی عوسمان بە ڕێکەوتن،لەوکاتەدا خەلیفە لەناو قەڵایەکی قایم وگەورە دا دەژیا چونە ناوەوەی قەڵاکەی عوسمان ئاسان نە بوو ،کاتێک سەربازەکان ماڵی عوسمان خەڵکەکە یان بینی بەرە و ماڵی عوسمان هاتن دەرگاکانیان داخست ،خەڵکەکە لە دەرەوە هاواریان دەکرد پیرە مێردی زاڵم وئادەم کوژ سەربازەکانت دەنێری بۆ کوشتنی خەڵک،فەرموو سەری بڕاوی حاکمی زاڵم بۆت دانابوین ببینە،**

**خەڵکی بەڕابەرایەتی سودان وکنانە پیاوەکانی عایشە گەمارۆی ماڵی عوسمان یان دا داوایان لە خەڵکەکە کردە دەبێت ماڵی عوسمان گەمارۆ بدرێت ،هەتا ئەوکاتەی ئەو پیرە مێردە لەش پەروەرە گەندە لەسەر دەستەڵات بێت نابێت واز لەڕاپەڕین و شۆڕش بێنین،گەمارۆ دانی ماڵی عوسمان بەردەوام بوو هیچ پەیوە ندیەکی بە دەرەوە نەما ، ئاوی خواردنە وەیان لە کۆشکی خەلیفە بری ، لەناو ماڵی عوسمان دا قەڵە باڵخی و ژن و منداڵێکی زۆری لێ دەژیا،بۆ ڕۆژی دواتر پاسەوانەکانی عوسمان ژن و منداڵە کانیان لەسەربانەوە پیشانی خەڵکەکە دەدا، هاواریان دەکرد ئەگەر ئێوە موسڵمانن چون منداڵی موسڵمانان برسیی و تونی دەکەن، منداڵ و ژن هاواریان دەکرد کوێر بووین لەبێ ئاوی دا، بەڵام ئەمانە هیچ بە فریای عوسمان و دار ودەستەکەی نەکەوت ،هەر لەم کاتەدا ئەوەی خەڵکی زیاتر تورەکرد پیاوەکانی عایشە بڵاویان کردەوە لە مەدینەدا کە عوسمان بەویستی خۆی دەستکاری قورئانی کردوە بۆیە نەی هێشتووە دایکی موسڵمانان لەو لیژنەیەدا بەشداربێت ،لە کاتێکدا هەموو ئایەتەکانی**

قورئانی لەبەربووە،ئەم دەنگ و باسە ئەوەندەی تر خەڵکی مەدینەی زیاتر تورەکرد هەر بۆیە لێرەوە رەوای کوشتنی عوسمان یان راگەیاند ، خەڵکی نەخویندەوار و بێ ئاگا وایان دەزانی عایشە خۆی ویستویەتی بەشداری لە کۆکردنەوەی قورئاندا بکات بەڵام عوسمان نەی هێشتووە،لە راستیشدا عایشە خۆی نەی ویستووە بە شداری بکات لەگەڵ ئەو لیژنە یەدا ،پیاوەکانی عوسمان بەتایبەتی دەوڵەمەندەکانی مەدینە پەنایان بۆ عەلی برد کەهەوڵیک بدات بۆ رزگار کردنی عوسمان یان هەر نەبێت ژن و منداڵەکانی ،

عەلی حسەینی کوری راسپارد بچێت بۆ لای خەڵکی تا هەوڵ بدات ئەو ئاوەی دەچوو بۆ ماڵی عوسمان هەڵی کەنەوە بەڵام بێ فایدە دەبێت ، جونکە(کەنانەبن بشر النجیبی) وتی نا، نا نابێت چونکە ئەگەر ئاوەکەیان بۆ بکەینەوە سەربازەکانی زیاتر بەرگری دەکەن ،حسەین دەڵێت ئێوە ئەگەر موسڵمانن چۆن رێگا دەدەن منداڵی موسڵمان کەهیچ تاوانێکیان نیە لەتونی دا بمرن ،(سودا بن حەمران) دەڵێت حسەین هەوڵەکەت بێ فایدە یە چونکە کوشتنی ئەم پیاوە رەوایە دەبێت بکوژرێت ،حسەین دەڵێت ئێوە دەتانەوێت ئەو پیرە مێردە بەتەمەن بکوژن؟سودا بن حەمران دەڵێت بچۆ لە باوکت بپرسە کەچۆن لە شەرەکاندا شیعرەکانی(امرا القیس)بەناوبانگ بە(ملک الضلیل)دەخوێنرانە وە تابزانیت وتویەتی مرۆڤ هەرچەندە بەتەمە نتربێت گوناهی کرد دەبێت زیاتر سزای بدەیت ،حسەین وتی باشەبا رێگا بدرێت ژن و منداڵەکانیان بێتە دەرەوە،کەنانە بن بشر رازی دەبێت بەم پێشنیارەی حسەین ،رێگا دەدرێت ژن و منداڵەکانیان بێنە دەرەوە،هێرشەکان زیاتر توند تر بوو بۆ سەر کۆشکی عوسمان بەسەرۆکایەتی (کەنانەبن بشر و سودان بن حمران و عمرو بن حمول)خەڵکەکەیان هان دەدا هەتا زوو کۆتای بە دەسەڵاتی عوسمان بهێنرێت باشترە چونکە حاکمان و لایەنگرانی عوسمان ئەگەر بێت و هێز کۆبکەنەوە دەێن قەتڵ و عام مان دەکەن، چەنجارێک هێرش بەران هێرشیان دەبرد سەربازەکانی عوسمان بەسەرۆکایەتی (مەروان )کە پێشتر راوێژکاری خەلیفە بوو لە دوایدا هەمووەسەڵاتێکی لەلایەن عوسمانە وە بۆ فەراهەم کرا بوو پارێزگاری دەکرد لەهێرش بەران ،

لە میسرە وە موحەمەدی برای عایشە نامەیەکی ئاگادارکردنە وە دەنێرێت بۆ دایکی موسوڵمانان دەڵێت زەمینەی عەلی خۆشە لەلایەن خەڵکی یەوە بۆ گرتنە دەستی خەلافەت ، عایشە کەزانی ئیتر ناتوانێت بەرگیری لە وەبکات عەلی نەبێتە خەلیفە هەوڵی دا نێوانی خۆی و عەلی رێک بخاتەوە،هەر بۆیە رۆژێک داوا لە عالی دەکات کە سەردانی ماڵی بکات عەلی بە دەعوەتەکەی عایشە رازی دەبێت ،عایشە پێشوازییەکی گەرم لە عەلی دەکات داوای لێ بووردن لە عەلی دەکات لەهەر هەڵەو کەموو کوریەک دەرهەق خۆی و فاتیمە ومنداڵەکانی کردوویەتی ،عایشەدەڵێت عەلی لەهەمان کاتدا تۆش هەڵەت دەرهەق بەمن کردوە،لە کاتی ژیانی پێخەمبەردا داوات لێ کردووە من تەڵاق بدات،دەڵێت موحەمەدی برام ئاگادری کردووم زەمینەی تۆ ئامادەیە ببیت بە خەلیفەی موسڵمانان ،عەلی دەڵیت من بەمەرجیک خەلافەت قبوڵ دەکەم نەک تەنها موسڵمانانی میسر بەڵکوو هەموو موسڵمانانی جیهان دەبێت بەخەلافەتی من رازی بێت ،عایشە دەڵیت برام من دڵنیام کەگشت لایەک رازین بەدەست نیشان کردنی تۆ بە خەلیفە،عەلی دەڵێت من بەسێ مەرج دەبم بە خەلیفە،عایشە دەڵێت مەرجەکانت چیە؟یەکەم هەموو موسڵمانان رازیبن بەمن ،دوو گیانی عوسمان پارێزراو بێت کەس ئەو پیرە مێردە ئەزیەت نەدات، سێ تۆ کەهاوکاریم دەکەیت لە دوایدا داوای پاداشتم لێنەکەیت ،عایشە دەڵێت من پارەیەکی زۆرم سەرف کردووە بۆ زەمیە خۆشکردنی گۆرینی عوسمان دەبێت لە پاشە رۆژدا پێم بدرێتەوە، دوو من هیچ سەرچاوەیەکی ژیانم نیە خەیریی ئەو موچەیەی کەلە یت المال وەری دەگرم ، عەلی دەڵیت من هیچ سەروەتێکم نیە هەتا بەڵێنت پێ بدەم کەبۆت دەگێرمەوە، عایشە دەڵیت لە بەیت المال وەری دەگرمەوە، عەلی وتی من ناتوانم سەرفی بکەمەوە ئەگەر دەست نیشانیش کرام بە خەلیفە، عایشەهەولێکی تری دا بۆئەوەی نێوانی خۆیوو عەلی ئاسی بکاتەوە ئەویش بەخشینی

جلوبەرگەکانی پێخەمبەر بوو خەڵاتی کرد بە عەلی هەتا ناکۆکی خۆی و عەلی پێ ساڕێژبکات ،عەلی بە خۆشحالیەوە جلەکانی لە عایشەوەر دەگرێت و دەگەڕێتە وە بۆ ماڵەوە،

لەلایەکی ترەوە عایشە کەسێکی نارد بۆ میسر داوا لە موحەمەدی برای بکات کەئەم خەڵکەی لێرە خڕبونەتەوە هەمووی شەڕکەر نین خۆی و هێزێک بگەیێتەوەبۆ مەدینە، بەهەمان شێوە تەلحە شی ئاگادر کردەوە هەرچی لە توانایدایە بۆ کۆ کردنەوەی شەڕکەری بە توانا لەگەڵ خۆی بگەڕێتەوە بۆ مەدینە، لەگەڵ نزیک بونەوەی موحەمەد و تەلحە و هێزەکەیان عایشە بەبیانوی زیارەت کردنی مالی خوا بۆ کەعبە بەڕێکەوت ، مەدینەی بەجێ هێشت بەرەو مەککە بەڕێکەوت ، عایشەدڵنیا بوو لەوەی بڕیاری کوشتنی عوسمان دەرکراوەبۆیەمەدینەی بەجێ هێشت هەتا وە کوو لای خەڵکی بڵێت لەکاتی کوشتنی خەلیفەی سێ هەمدا من لەمەدینەدا نەبووم، لە دەرەوەی مەدینە لەگەڵ موحەمەد و تەڵحەو زوبێر و (1200 )سەربازی شەڕ کەردا بەیەک گەشتن ، عایشە دەنگوباسی مەدینە وڕفتارەکانی عوسمانی بۆ هێزەکە باس کرد ،وتی سەربازانی عوسمان ئابڕوی حوکمی ئیسلامیان بردووە،خەڵک بەئاشکرا مەی دەفرۆشێت ژنانی لەش فرۆش دەرگاکانیان خستوەتە سەرپشت،خەلیفە کاتەکانی خۆی لە ڕابواردن و خۆشی ژیانی خۆیدا بەسردەبات ،بۆیە داواتان لێدەکەم هەرچی زووە عوسمان لە سەر کار لابرێت ئەگەر بەرگری کرد دەبێت بکوژرێت ، هەر بە گەشتنیی تەلحە وموحەمەد هێزەکەیان هێرش بەردەوام دەستی پێکرد لەبەر ئەوەی عوسمان هیچ یارمەتیەکی پێ نەگات ، پاسەوانەکانی خەلیفە لەبەرگری کردن بەردەوام بوون سەرەڕای بڕینی ئاوی ماڵی عوسمان ئاگریشیان تێبەردا،هەتاوە کوو کۆتای بە دەستەڵاتی عوسمان بهێنن ، سەرجەم پاسەوانەکانی عوسمان خۆی لە(1000)کەس دەدا (500 )کەسیان بۆ پارێزگاری لەماڵی عوسمان دانرابوون (500 )کەسی تریشیان بۆپارێزگاری کردن لە گەنجینەکانی بەیت المال ،عوسمان بەهیچ شێوە یەک ڕازی نەبوو لە دەست بەرداری خەلافەت، دەیگوت من لەلایەن خوا وە کراوم بە خەلیفەهەرچیم کردووە بەپێی فەرمانی خوا وەند بووە،لە سەرجەم ئەو (500 )سەربازەی ماڵی خەلیفە(468 )کەسیان کوژران (32 )کەسی تریان بەدیل گیران ، لەو (32 )کەسەیش تەنها یەک کەسیان سەرنەبڕا ئەویش شوێن و مەکانی (مەروان) وەزیری عوسمانی بەهێرشبەران گوت ،

دەستەیەکی هێرشبەر خۆیان گەیانە ئەو جێگەیەی عوسمانی تێدا بوو ،موحەمەدی برای عایشە یان لەگەڵ بوو ڕیشی عوسمان دەگرێت و دەڵێت پیرە مێردی شەهوەت پەرەست تۆ ئەحکامی قورئانت خستوەتە ژێر پێ خەجاڵەت نابیت قورئان دەخوێنیتەوە ،لێرەدا موحەمەد بەعوسمان دەڵێت بەدوو مەرج نات کوژین، یەک شوێن و مەکانی مەروان مان پیشان بدەیت ،دوو بەخەتی خۆت بنوسیت من واز لە خەلافەت دێنم و عالی کوڕی ئەبی طالیب بکرێت بە خەلیفە، عوسمان دەڵێت کەوا بێت ئێوە علی ناردوونی بۆ سەر من ؟دەڵێن نەخێر عەلی ئاگای لە مەنیە، عوسمان بەهیچ داواکاریەکیان ڕازی نابێت،بۆیەلە تەنیشت قورئانەکەیدا یەکەم شمشێر (حمران) لێی دەدات وپاشی ئەویش (کنانە وسودان بن حمران و قیترە)هەندێک سەرچاوەی تریش دەڵێن موحەمەد ئەبوبەکر یش بەدەستی خۆی نێزەی لە عوسمان داوە، بەم شێوەیە عوسمانی کوڕی عەفان خەلیفەی سێ هەم لە ڕۆژی هەژدە هەمی مانگی (ذلحجە )دەکوژڕێت و کۆتای بەدەستەڵاتی خەلافەتی عوسمان دێت، ، ، ،ماویەتیی............ .